## «منداڵییم بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد» لەنێوان ڕۆمان و بایۆگرافدا

### عەلی عوسمان یاقووب

«تۆماس کارلیل» دەڵێت: «مێژوو کرۆکی سەربردەی ژیانی ژمارەیەکی زۆری خەڵکە». هەڵبەت ئەگەر نووسەری بایۆگراف تەنها پشت بە گێڕانەوە ببەستێت، ئەوا بایۆگرافەکە تەنها دەبێتە بەشێک لە مێژووی ڕووت. تەنانەت «ئیمرسۆن»یش دەڵێت: «مێژوو وەکو لقێکی سەربەخۆی زانست بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە ژیاننامەیە».

هەر لە کۆنەوە نووسینی بایۆگراف لەناو ئەدەبی زۆربەی گەلانی دنیادا شتێکی باو بووە، ئینجا ئەو بایۆگرافە هی تاک بێت، یان هی کۆمەڵ، کە پەیوەندییەکی خێزانی کۆیان دەکاتەوە.

بایۆگراف وەکو ژانرێکی ئەدەبی لای ئێمە بایەخی پێ نەدراوە. دیارە هەندێک نووسەر و سیاسەتمەدار سەربردەی ژیانی خۆیانیان نووسیوەتەوە و کەم تا زۆر سەردەمێکی دیاریکراویان، بە پێی تێڕوانینی خۆیان خستۆتە بەر دیدی خوێنەر. ئەو نووسینانەیش سیمایەکی سیاسییانە، بگرە حیزبییانەیان پێوە دیارە، بۆیە دەکرێت هەموو ئەوانە بخرێنە خانەی یاداشتەوە، بەو مانایەی کە بە شێوازی گێڕانەوەی ڕووت تۆمار کراون و خەیاڵ و زمان ڕۆڵیان تێدا نەبینیون. ڕاستە پرۆسەی نووسینی بایۆگراف بە زەمەنێکی دیاریکراوەوە بەستراوەتەوە، کە زەمەنی نووسەرەکەیە، بەڵام کاتێ نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنتر، بەو پێیەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی، دەرهاویشتەی کارلێکە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی سەردەمی پێشترن، ئەوا زەمەنی بایۆگرافەکە دەترازێنێت و خەیاڵ دەبێتە ئەو کەرەسە سەرەکییەی، کە تێڕوانینەکانی نووسەری تیادا بەرجەستە دەبێت و ئەودیوی پەیوەندییەکانی ناو پانتایی زەمەنە جیاجیاکان بە خوێنەر ئاشنا دەکات. بە مەییش بایۆگرافەکە دەبێتە ژانرێکی ئەدەبی و زیاتر تێکەڵی دنیای ڕۆمان دەبێت. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە کتێبی «منداڵییم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد»ی «کاروان عومەر کاکەسوور»، دەکرێت چ لە ڕووی ناوەڕۆک و چ لە ڕووی شێواز و تەکنیکەوە بە پێشەنگی هەوڵەکان دابنرێت.

نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە بەر لەوەی ئەو بیۆگرافە بخاتە بەر دیدی خوێنەر، پیشانی چەند برادەرێکی نووسەر و ئەدەبدۆستی داوە و ئەوانیش ڕا و بۆچوونی خۆیان پێی گوتووە، ئەمەیش بووەتە هاندەرێک تا لەسەر کارەکەی بەردەوام بێت. ئەو کارەی نووسەر لە ڕووی ئەدەبییەوە کارێکی چاکە، بەڵام تا ڕادەیەکیش ڕانگدانەوەی کەمباوەڕیی خۆیەتی بە توانا ئەدەبییەکەی. هەڵبەت ئەوەیش دەرهاویشتەی ئەو کۆنترۆڵە باوکسالارییەی کۆمەڵگای کوردەوارییە، کە نووسەر لەم بایۆگرافەدا کاریگەرێتییەکەی بەسەر دیوی ناوەوەی تاکدا دەردەخات. ئەو کۆنترۆڵەی هەر لەمنداڵییەوە سنوورێکی دیاریکراو بۆ هەڵسوکەوت و تەنانەت شێوازی بیرکردنەوەی تاک دادەنێت، هەر وەکو چۆن تا ئێستایش مۆرکی بەسەر نووسەردا ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بە وردی ئەو بایۆگرافە بخوێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێت نووسەر زۆر بە جورئەتەوە شتەکان دەخاتە ڕوو.

نووسەر هەر لە سەرەتاوە دەمانباتە ناو جیهانی منداڵیی خۆی، کە لە گەڕەکی میللیی «سەیداوە»ی هەولێردا بەسەری بردووە. گەڕەکی «سەیداوە» لای «کاروان» وەکو «چقور ئاوا» لای «یەشار کەمال» و «دەبلن» لای «جیمس جۆیس» و «خوارووی ئەمریکا» لای «ولیەم فۆکنەر» و «قاهیرە» لای «نەجیب مەحفوز» وایە. ئەوەی لەو گەڕەکەدا ژیا بێت، تێدەگات ئەوێ دنیایەکە لە خورافە و ئەفسانە، نووسەریش بەوردی چووەتە ناو بەشێکی ئەو دنیایەوە، تەنانەت لە دیالۆگەکانیشدا ئەو دیالێکتیکە بەکار دەهێنێت، کە تا تا بن ئێسقان میللییە. کەواتە «مەحەلییەت» سیمای سەرەکیی ئەو بایۆگرافەیە. ئەگەر ریالیزم بریتی بێت لە کێشانی وێنەی دەقاودەقی شێوازی ژیانی زۆرینەی خەڵک، ئەوا «مەحەلییەت» ڕوویەکی ئەو ریالیزمەیە، چونکە ترادشیۆن و تایبەتمەندمەندێتییەکانی شوێنێکی دیاریکراوی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، کە لە شێوازی ئاخاوتن و جلوبەرگ و پیشە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو شوێنە دیاریکراوەدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە «شرووبفرۆشن» یەکێک بووە لە دیاردە هەرە زەقەکانی گەڕەکی «سەیداوە»، کە نووسەر لێرەدا بە مەبەستی جیاجیا دەیخاتە ڕوو. بۆئەوەی نووسەر زیاتر لە دنیای ئەو شوێنە قووڵ بێتەوە، ئاماژە بە جیاوازیی نێوان ئەو گەڕەکە و گەڕەکەکانی تر دەکات، با لە هەمان شاریشدا بن بە بنەما کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە ببەسترێنەوە. ئەو جیاوازییانەیش کاتێ لای «کاروان»ی منداڵ بە چاکی دەردەکەوێت، کە ماڵیان لەوێوە بۆ گەڕەکێکی دیکە دەگوێزنەوە: «ئەو گەڕەکە تازەیەمان زۆر لە گەڕەکە کۆنەکە جیاواز بوو.. تەنانەت شێوەی قسە کردن و هەڵسوکەوتەکانیشیان لەیەکتر نەدەچوون.. لێرەدا ئەو ساکارییەی ئەوێم نەدەبینی و پەیوەندییەکان بە جۆرێکی تر بوون.. ل٤٤».. بەڵام نووسەر لە دەرەوەی گەڕەکی سەیداوەیش، واتە کاتێ لە مەحەلییەتەکەیش دەردەچێت، هێشتا هەر پابەندی ڕێ و ڕەسم و دنیای «سەیداوە»یە، چ وەکو کارەکتەری ئەو بیۆگرافە و چ وەکو نووسەر.

«کاروان» هەر بەو هەستی «محەلییەت»ەوە بە ناخی کارەکتەرەکاندا دەچێتەوە و بە درێژایی بایۆگرافەکە خوێنەر هەست دەکات ئەوان هەر لە پانتایی جۆگرافیی ئەو گەڕەکەدا هەڵسوکەوت دەکەن. هەر بۆیە تا دێت لە سەربردەی ژیانی خۆی دووردەکەوێتەوە، ئەمەیش وا دەکات لەسەر بەرگدا بنووسێت: «سەربردەی ژیانی خەیاڵ و واقیعی منداڵیی نووسەر و ئەوانی تر». لێرەدا کارەکتەرەکانی تر شوێنێکی زیاتر داگیر دەکەن، بە ڕادەیەک خوێنەر هەست دەکات ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا بنەما و شێوازە ئەدەبییەکەی بایۆگرافی پاراستووە، چونکە دوای ئەوەی لە کەشوهەوای بایۆگراف دوور دەکەوێتەوە و تێکەڵی دنیای ڕۆمان دەبێت، ئەوا بە ڕستەیەک یان پەرەگرافێک خوێنەر دەگەڕێنێتەوە ناو دنیای بایۆگرافەکەوە. مەبەست ئەوەیە نووسەر نەک هەر لە دیوی ناوەوەی ئەم بایۆگرافەدا، واتە لە هەڵسوکەوت و جووڵەی کارەکتەرەکان، لە چوونە ناو نەستەکان، لە وردەکاریی پەیوەندییەکان، لە شیکردنەوەی حاڵەتە ڕۆحییەکاندا تەکنیکە جیاجیاکانی ڕۆمان وەکو فلاشباک و فەنتازیا و شەپۆلی هۆش، کە دواتر باسیان لێوە دەکەین، بەکار دەهێنێت، بەڵکو هەر ئەو تەکنیکانە لە رووە گشتییەکەش، واتە لە هێڵە درامییە گشتییەکەشدا بەرجەستە دەکات. ئەوەتا نووسەر دوای ئەوەی بەشێکی زۆری سەربردەی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە و وەکو پێویست ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک بەکار دەهێنێت، ئینجا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژیش لێی دادەبڕێت و ڕێگا بە دەرکەوتنی کارەکتەرەکانی تر دەدات. بە درێژایی تێکستەکە ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت. لەناو ئەو فەزایەشدا نە بیرۆکەی بایۆگرافەکە دەکاتە قوربانیی تەکنیک و نە خوێنەریش هەست دەکات نووسەر ئەو تەکنیکانەی بەزۆر ئاخنیوەتە ناو تێکستەکەوە، دیارە ئەمەیش لە ڕێگای ئەو لەزەتەوە دێتە کایەوە، کە خوێنەر زیاتر لە تێگەیشتن لە دنیای دەقەکەوە وەریدەگرێت، نەک لە کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان، بە مەرجێک لە واتای ئەو وشە و دەستەواژە محەللییانە تێبگات وەکو چۆن لە دەقەکەدا هاتوون، نەک وەکو ئەوەی لە دەرەوەی ئەو دەقەدا لە هزر و بیری خوێنەردا هەن. بەهەر حاڵ نموونەیەکی زەقی ئەم دابڕان و گەڕانەوەیە بۆ ناو فەزای بایۆگرافەکە، دیمەنی «هاجەر»ە، کە دوای ئەوەی لە شەڕەژندا بریندار بووە، مەمکەکانی لە یاخەی کراسی هاتوونەتە دەرەوە و بە جۆگەلەی خوێنی ڕژاوی سەرە شکاوەکەی سوور بوون، لەبەر چاوی «کاروان»ی منداڵدا لە دوو دەخیلەی سوور دەچن. لێرەدا ئەو دیمەنە گشتییە، کە لە ڕێگای ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکەوە دەگێڕدرێتەوە، تێکەڵ بە دنیای نووسەر دەبێتەوە و بۆ ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک دەگۆڕێت. ئەمەیش دەربڕینی ئارەزووێکی ساکارانەی منداڵێکە بۆ کڕینی دەخیلەیەکی گڵ، کە دایکی نایەوێت بۆی بکڕێت، بەو مەبەستەی پارەی تێدا پاشەکەوت بکات و دواتر مراوییەکی پلاستیکی لای حەمامی ئیسکان پێ بکڕێت. لێرەدا تەنها شێوازی گێڕانەوە ناگۆڕێت، بەڵکو ماهیەتی شتەکانیش

لەگەڵیدا دەگۆڕێن. لە خەیاڵی «کاروان»دا مەمکی «هاجەر» لە گۆشتەوە دەگۆڕێت بۆ گڵ و لەوێشەوە بۆ پلاستیک: «دەمەوێ گوێم لە «هاجەر» بێت کاتێ لەناو کۆڵان ڕاکشاوە و دەناڵێنێت.. مەمکەکانی دەبینم.. لە یەخەی کراسی شینی ئاسمانیی هاتوونەتە دەرێ.. لەو دەخیلانە دەچن، کە لە گڵ دروستکراون و پیاوێکی هێمن لەو دووکانەی نزیک باتا دەیانفرۆشێت.. پێم خۆشە دەمم بنێم بە سەرگۆکانیان و مژی قووڵ قووڵیان لێ بدەم.. بەڵام ئەوەتا چۆڕاوگەی خوێن گەیشتە ئەوێ و ڕەنگی گۆڕین.. هێشتا هەر جوانن.. دوو دەخیلەی سوورن و بریقوباق دەدەن.. وڕکم بۆی گرت و زۆر گریام، بەڵام دایکم ڕازیی نەبوو بیستوپێنج فلسم بداتێ، تا بیخەمە ناو دەستی ئەو پیاوەوە و دانەیەک بە ئارەزووی دڵی خۆم هەڵگرم..ل١٢٩»

نووسەر بە درێژایی ئەم بایۆگرافە لە دوو تێڕوانینەوە سەیری کۆمەڵگای کوردەواری دەکات، دیارە مەبەستم لەو دەوروبەرەیە، کە نووسەر خۆی تێیدا ژیاوە، هەرچەند وەکو وتم ئەو دەوروبەرەیش لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر جیاوازە. یەکەمیان لە تێڕوانینی ساکارانەی منداڵێکەوە، کە هەر نووسەر خۆیەتی و بە کاڵفامیی خۆیەوە دیاردەکان ڕاڤە دەکات. دووەمیشیان لە تێڕوانینی «کاروان عومەر کاکاسوور»ەوە وەکو نووسەری ئەم بایۆگرافە. زۆر جاریش چ وەکو کارەکتەر و چ وەکو نووسەر تەنها هەستی «بینین» بەکار دەهێنێت. لە مەیشدا بینایی تیژە و ئەگەر ئەم هەستەی «بینین» بەرجەستەکردنی سەدا سەدی دنیای ناو خەیاڵیشی نەبێت، ئەوا دەبێتە پاڵپشتێکی ماددی بۆ پرۆسەی خەیاڵکردن، بێجگە لەمەش لە هەردوو حاڵەتی تێڕوانینەکەدا نووسەر پەنا بۆ شێوازی فەنتازیا و خەیاڵکردن و وێنە و خەون و زیندەخەون دەبات، بەڵام نەک بەهەمان ئاراستە و هێزەوە.

لە ڕوانگەی تێڕوانینی یەکەمەوە، نووسەر پەیتا پەیتا جیهانی فەنتازیائامێزی منداڵ دەتەقێنێتەوە، کە هەڵبەت زۆر جیاوازە لەو فەنتازیایەی، کە نووسەر لە تێڕوانینی دووەمەوە بەکاری دەهێنێت، بەتایبەتی لە ڕووی پانتایی جۆگرافی و کۆمەڵایەتییەوە.

جیهانی منداڵ خۆی لە خۆیدا جیهانێکی فەنتازیائامێزە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە بخەینە بەرچاو، کە کەلتووری کوردەواری لە ڕێگای هەقایەت و چیرۆکە ئەفسانەییەکانەوە، کە نووسەر باسیان لێوە دەکات، کاریگەرێتیی زۆر بەسەر منداڵدا بەجێدەهێڵێت و دەیکاتە پێگەیەکی بەپیت و ئامادەکراو بۆ چوونە ناو جیهانی فەنتازیا، ئەمانەیش تێگەیشتنی شتە ڕاستەقینەکان لای منداڵ بۆ شێوازێکی جیاواز دەگۆڕن. ئەوەتا بەدەم سەیرکردنی گۆزەکانی «یازبێد» جێهانێکی فەنتازیا ئامێز دەخوڵقێت: «ئەگەر بۆ هەر یەکێ لەو گۆزانە دوو گەڵای پانی درەختی باخچەکەی خۆیانم بهێنایە و بە شتێ لەملا و لەولایانم چەسپبکردنایە.. دوو لقیش کەمێ لە سەرووتریان، ئەوا وەکوو کەڵلەی گایان لێدەهات و من ئەوەندەی تر لەزەتم لە

سەیرکردنیان دەبینی.. ئاخر گەلاکان دەبوون بە دوو گوێچکە و لقەکانیش بە دوو شاخ.. وەکوو هی ئەو مانگایانەی من لە پشت ماڵی خۆمان و ئەودیوی شەقامی شەستی دەمبینین. ل١٠ـ١١».. گەلای درەخت و کەللەی گا، ئەو شتانەن، کە منداڵ ڕۆژانە دیونیەتی و لە نەستی ئەودا جێگیر بوونە. کەواتە خەیاڵی فەنتازیی منداڵ دەکەوێتە بەر کاریگەریێتیی ڕادەی بەستنەوەی منداڵەکە بە دوروبەرەکەیەوە، کە لە هەندێ شتی سنووردار تێناپەڕێت. هەر بەو شتە ساکارانەیش ئەو پەیوەندییە ڕۆحییەی نێوان خۆی و دایکی ئاشکرا دەکات: «ئەگەر پەڕە سوور سوورەکانی ئەو کەڵەشێرەی بکردایە بە کراس و بیپۆشیبا، ئەوا لەو تاریکییەشدا دیار دەبوو.. ل١٥». پێشتریش بەدەم سەیرکردنی باوەڵە تەنەکەکەی دایکی لە دەوروبەرەکەی دادەبڕێت و تێکەڵی جیهانی ئەو گیاندارانە دەبێت، کە وێنەیان لەسەر باوەڵەکەدا کێشراوە: «بەلایاندا دەڕۆیشتم و دەستم بە گیانیاندا دەهێنا.. شاخەکانیانم دەگرتن و یاریم لەگەڵدا دەکردن.. هەر لەوێدا خەڵکی جیاجیام دەبینی و بەدوای پەیوەندییەکانی نێوانیاندا دەگەڕام. ل١١».

لێرەدا نووسەر وردەکارییەکی جوان لە تەکنیکدا دەکات، کاتێ فەنتازیا و واقیع تێهەڵکێش دەکات: « ئەو ژنەم هەرگیز بیرناچێتەوە، کە لە دەرگایەکدا وەستابوو و بانگی کوڕە چوختییەکەی دەکرد، بۆئەوەی بە فێڵێ بیباتە حەمامەکە و بیشوات.. ئەو کچەی کەروێشکەکەی کردبووە باوەشیەوە و بەخۆشحاڵییەوە لێی ڕادەما، چەندێ جوان بوو..!! ئەی بۆ ئەو پیرەژنە ناڵێی، کە دانەوێڵەی دەدایە قەلەکانی..!! بەڵام پیرەمێردەکەی بە هۆی گۆچان لەسەر رێگا چۆڵەکەدا هەنگاوی کورت کورتی دەنا، لەویش جوانتر بوو. ل١١».

دڵنیام «کاروان»یش وەکو هەر منداڵێکی دیکە، دایکی بە فێڵ بۆ حەمامی بردووە و شتوویەتی.

دیمەنێکی تر لەناو دەیەها دیمەنی فەنتازیائامێزی دیکەی ناو ئەم بایۆگرافە، چۆڕاوگەی لیکی مانگایەکە، کە هەستێکی واقیعیانەی لێ دروست دەبێت: «نەنکم چاوەڕێیە ئەو ژنە جامێک ماستی بۆ بێنێت و من سەرنج لەو بێشکەیە دەدەم، کە لە هەیوان ڕێک لە سەرووی پەنجەرە لاکێشەییەکەدا هەڵواسراوە و کۆترە ڕەشەکان ناویان کردۆتە هێلانە.. باوەڕم وایە کچە گەورەکەیان، ئەوەی کەزییەکی ئەستووری تا سەر سمتی هێناوەتە خوارێ؛ هەموو ئێوارەیەک پێش نانخواردن چاوەکانی خێلدەکات و لەو لانکە دەڕوانێت.. لە بەربینابیدا دەبێتە مانگا و لەسەر رەفێک پاڵدەکەوێت.. توێکڵی شووتیی بۆ هەڵدەدات و ئەو بە دەمی زلی دەیقۆزێتەوە.. چۆڕاوگەی لیکێکی کەمێ خەست لە شێوەی هێڵی زیویی زۆر باریک بە لالغاویدا دێتە خوارێ و بۆ سەر زەوی ڕێچکە دەبەستێت.. ئەم لە ژێریدا دەوەستێت و بەسەر دەموچاویدا دەچۆڕێت.. بەرەو ناو سنگی دەتکێت و تەزوو بە ناخی ناخی دڵیدا دەهێنێت.

«ل١٦»

ئەو هەستە کە گوایە بە باوەڕی «کاروان»ی منداڵ لە ناخی ئەو کچەوە دروست دەبێت، ڕەنگدانەوەی حاڵەتێکی سێکسیانەیە، حاڵەتێکی سێکسیانەی چەپێندراوە، بۆیە کاردانەوەکەی لە بەرامبەر هەر دیمەنێکی سێکسیدا خێرا دەردەکەوێت. ئەمە دۆزینەوەیەکی ئێستای نووسەرە بۆ حاڵەتە دەروونییەکانی ئەوسا، چونکە دیمەنەکە زیاتر لە دیمەنی فیلمێکی سێکسی دەچێت. کەواتە فەنتازیا بەو پێیەی، کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی هەست و نەستە، دەبێتە بەشێک لە واقیع، بەڵام لە ڕوانگەی تێڕوانینی دووەمەوە.. فەنتازیا ڕەهەندێکی فیکری وەردەگرێت، نووسەریش وەکو ئەندازیارێک کەرەسەکانی فەنتازیا دەخاتە قاڵبێکی فیکری، کە لەگەڵ دید و فەلسەفەکەی بگونجێت. واتە گرنگ بوونی خودی فەنتازیاکە نییە، بەڵکو گرنگ چۆنیەتیی بە ئاکتیڤکردنیەتی بۆئەوەی خزمەتی ڕەوتی ڕووداو و ئەو تێزە فیکرییە بکات، کە نووسەر دەیەوێت بە خوێنەری بگەیەنێت، بێجگە لەو لایەنە جوانکارییەی، کە بە تەکنیکی بایۆگرافەکەی دەبەخشێت. دیارە نووسەر لە دنیای فەنتازیادا، سەربەستییەکی فراوان بە جووڵەی کارەکتەرەکان دەدات، بۆیە نووسەر لە هەردوو تێڕوانینەکەدا چ وەکو کارەکتەرێکی سەرەکیی بایۆگرافەکە و چ وەکو نووسەر ئەو کاتە پەنا دەباتە بەر فەنتازیا، کە دەیەوێت لە دنیای پڕ کێشە و جەنجاڵ ڕابکات، چونکە پێی وایە لەوێدا، واتە لە جیهانی فەنتازیادا ئارەزووەکانی خود جێبەجێ دەبن و لانی کەم بۆ ماوەیەک دەبێتە کارەکتەرێکی بەهێز و توانا، یان وەک سیحربازێک هەرچی بیەوێت، دەیکات، بۆیە نووسەر زیاتر گرێبەندی ئەو ڕۆڵە دەبێت، کە فەنتازیا هەیەتی لە کەلتووردا.

فەنتازیا لای «کاروان» نەک هەر لەم بایۆگرافەدا، بگرە لە چیرۆکەکانیشیدا کاردانەوەیەکی سرووشتییە بەرامبەر بە تەنگژەی ناوەڕۆک و بەهای شتەکان بەرامبەر بە گەندەڵبوونی دەوروبەر، گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی منداڵی، ئەو سەردەمەی کە هێشتا تێگەیشتن لە شتەکان لە ڕێگەی خەیاڵە سادەکانی ناو چیرۆکە ئەفسانەییەکانەوە مەیسەر دەبێت و هۆشیاری کۆنترۆڵی نەکردووە. هەرچەند لای «کاروان» منداڵ بووەتە ئەو تاقیگەیەی، کە لە ماڵەوە باوک و لە قوتابخانە مامۆستا و لە دەوروبەریش کۆت و بەندی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەسەڵاتی خۆیانی بەسەردا پراوە دەکەن. هەر بۆیە ئەگەر گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و بۆ سەردەمی منداڵی ڕاکردن بێت لە ئێستا، ئەوا لای «کاروان» دووبارە زیندووکردنەوەی ئەو وێنە نموونەییانەیە، کە باهۆزی نەزانین و کورتبینی تێکیان شکاندوون. بینینی ئەو جیهانەی ناخی تاکە، کە نە باوک و نە مامۆستا و نە دەوروبەر، بگرە سەرکردە سیاسییەکانیش نەیانبینیوە. ئەوەتا لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، نووسەر باس لەو پرۆسەیە دەکات، کە لەسەر لاواز کردنی کەسایەتیی مرۆڤی کورد بەڕێوە چووە. دیسپلینی مامۆستا لە قوتابخانە،

که شێوازێکی تری دیسپلینی باوکی ناو خێزانە، دیارە لە ئاستێکی فراوانتر و بە شەرعیەتی زیاتر؛ دەبێتە هۆی کوشتنی هەموو ئەو توانایانەی لە مندالّدا هەیە. سەرەڕای پرۆگرامی خوێندن، کە تەعبیر لە هیچ یەکێ لە ئارەزووەکانی ناکات. نووسەر چەند لە باوکی ترساوە، ئەوەندەش لە مامۆستاکانی. بۆ نموونە لە باسی مامۆستایەکدا دەڵێت: «هەر هەموومان لەو مامۆستایە دەترساین و نەماندەوێرا بەرێکییش هەناسە بدەین.. ل». قوتابخانە مەڵبەندێکی تری ترس و تۆقاندن بووە: «قوتابخانە بە ڕۆژی ڕووناک ئەوەندە ترسناکە، ئاخۆ بە شەوی تاریک و نووتەک چۆن بێت..!!.. ل٢٢٣». یان کاتێ باسی فەسادی دەکات لەم بوارەدا، دەڵێت: «باوکی هەندێ لە قوتابییە تەمبەڵەکان فێربووبوون کەبابیان بۆ مامۆستاکان دەهێنا.... کوڕی مامۆستاکانیش بەشدارییان لەو خواردنە بەلەززەتەدا دەکرد.. ل٢١٥».

لەبەر ئەمانەیە بایۆگراف لای «کاروان« تەنها خستنە ڕووی جووڵەی کارەکتەرەکان نییە لە شـوێنێکی دیاریکراو و لە سـەردەمـێکی دیاریکراودا، بەڵکو دەبێت بزانین لەودیوی ئەو جووڵەیەوە چ جیهانێک هەیە و چۆن دروست بووە. ئەوەتا کاریگەرێتیی هەموو ئەو چیرۆک و هەقایەتە فەنتازیائامێزانەی لە دایکی و داپیری بیستووینی، لە بەرچاوی دەبنە ڕاستییەکی ماددی، بەتایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنی. زۆربەشیان لایەنی ترس و خراپەکارییان پێوە دیارە. نووسەر دوای بیستنی چیرۆکی «وازیزە»ی شەڕانگێز و ئاژاوەچی، کە چیرۆکێکی ئەفسانەییە؛ هۆی قرەقرِی نێوان دایک و باوکی بۆ ئەو ژنە جادووگەرە دەگەڕێنێتەوە، بۆیە لە پێناو پاراسـتنی باوکی لە جـادووی ئەو ژنە، داوا لە دایکی دەکـات باوکی بکاتە قەڵاندۆشکانیەوە و بنی پێکانی بلسێتەوە، ڕێک وەکو چۆن لە چیرۆکەکەدا هاتووە. ئەم حاڵەتە لە چیرۆکی پیرەژنەکە و سێ کچەکەشدا دووبارە دەبێتەوە، کاتێ دایکی نووسەر نایەوێت سەیری سەری پیرەژنەکەی کۆڵانیان بکات، کە دوومەڵی لێ هاتووە. ئەو وادەزانێت ئەمە هەمان پیرەژنی چیرۆکەکەیە.

وەکو ئاماژەم پێ کرد بایۆگراف لای «کاروان» ئەگەرچی ساتە ڕابردووەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام گێڕانەوەی مێژوو نییە بەقەد ئەوەی بەرجەستە کردنی هەست و نەستـەکانە بە هەردوو ڕووی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکەیەوە لەپاڵ قوتکردنەوەی لایەنە ویژدانییەکان، کە ڕەنگە بە پێوەری سەردەم ببێتە بۆتەیەکی دروست بۆ دووبارە داڕشتنەوەی کەسایەتیی مرۆڤ لەسەر بنەما پەروەردەییەکانی ئێستا و لەباریەک هەڵوەشاندنەوەی نەریتە باوەکان و بوژاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەما زانستییەکانی سەردەم. خوێنەر دوای خوێندنەوەی ئەم بایۆگرافە بیر لە دەستەڵاتی باوک ــ بە هەموو شێوەکانیەوە ــ دەکاتەوە و ڕوونتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و داب و نەریتە باوەکان دەبینێت و خوێندنەوەیەکی تری دەبێت بۆ سەرجەمی دیاردەکان. پێم وایە «کاروان» لەم بوارەدا پەیامە

ئەدەبییەکەی بەسەرکەوتوویی گەیاندووە و وەکو تەکنیکیش بەئاسانی شتەکان نادات بە دەستەوە. دەتوانم بڵێم بە درێژایی بایۆگرافەکە دوو شێواز بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنێت: هەندێ جار ئەنجامی گۆڕانکارییەکان یان ڕەوتی بەرەوپێشەوە بردنی کارەکتەرەکان بۆ خوێنەر بەجێدێڵێت و ئەنجامێکی تەمومژاوی دەداتە دەست خوێنەر و دەیخاتە حاڵەتێکی ڕامان و بیرکردنەوەیەکی قووڵ، وەکو لە حاڵەتی «ناهیدە»دا دەردەکەوێت، کاتێ نووسەر مەسەلەی مێردەکەی بە هەڵواسراوەیی جێدەهێڵێت، کە مەسەلەیەکی گرنگە لەم بایۆگرافەدا. لە لایەکی تر نووسەر زۆر لە دیالۆگەکانی بە کراوەیی هێشتۆتەوە، ئەمەیش لە ڕێگای ئەو دوو سێ خاڵەی لە کۆتایی قسەی کارەکتەرەکاندا دایناون. دیارە مەبەستیەتی خوێنەر بخزێنێتە ناو ئەو فەزایەوە و بەو شێوەیە تەواویان بکات، کە خۆی بە چاکیان دەزانێت. هەندێ جاریش لێکەوتە و دەرهاویشتەکان لەگەڵ هۆکارە ڕیشاژۆییەکان و زەمینەی لەباری دیاردەکان هاوتەریبن. دیارە لە هەردوو حاڵەتدا ئەگەر خوێنەر خۆی نەبێتە نووسەر، واتە وەکو نووسەر نەچێتە ناو کەش و هەوای بایۆگرافەکەوە، ئەوا نە تەواوکردنی دیالۆگەکانی لە هزردا بەرجەستە دەبێت و نە هۆکار و دەرهاویشتەکانیش بە هاوتەریبی دەبینێت. ئەو واقیعە ترش و تاڵەی، کە نووسەر لە سەردەمی منداڵییدا ئاماژەی بۆ دەکات، لە منداڵدانی زەمەنی پێشتر لە دایک بووە و واقیعی داهاتووشی لێ لە دایک دەبێت. نووسەر سەردەمی منداڵیی خۆی دەنێو دەوروبەرێکی کۆمەلایەتیی پابەند بە کۆمەڵێ پەیوەندیی ئاڵۆز و تێگەی فیکریی ئاڵۆزدا دەکێشێت، بەڵام مەرج نییە ئەو دەوروبەرە بۆ هەموو کارەکتەرەکان بە نووسەریشەوە بە هەمان ئاراستە و بە هەمان هێز کار بکات، بۆیە خوێنەر هەست دەکات لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی ئەم دەوروبەرە کۆمەلایەتی و سیاسییە هەمووی لە کارەکتەری سەرەکیی ئەم بایۆگرافەدا، کە نووسەرە، ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو مۆرکیان بەسەر کارەکتەرەکانی تریشدا هەیە، وەکو: «ئەلیاس»، «سەعدیە»، «نازیلە ئینگلیز»، «ئەحمەد عەنتیکە»، «ناهیدە»، «وەستا فەتاح چەخماخچی»، «وەستا نووەردەین چەخماخچی»، «حەسەنی بێکار»، «عەلۆی خەجە هیزە»، «خولە حەیوان» و یەکە بەیەکەی مامۆستاکان و هەروەها خودی دایک و باوکی نووسەریش. هەر بۆیە ئەم بایۆگرافە هەر هی «کاروان عومەر کاکەسوور» نییە، بەڵکو هی کەسانی دەوروبەری خۆشیەتی.

گوتم نووسەر بە ئاسانی شتەکان ناداتە دەست. ئەم تەکنیکەی «کاروان» لە ڕێگای یاریکردن بە وشە و دەستەواژەکان نییە، بەڵکو لە ڕێگای گواستنەوەی کتوپڕی سەرنج و هەستی خوێنەرە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر. دیارە سروشتی ئەو تەکنیکانەی، کە نووسەر بەکاریان دەهێنێت وەکو فەنتازیا و خەون و زیندەخەون، خۆیان لە خۆیاندا گواستنەوەن لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، بەڵام نووسەر لە

بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە جیاجیایانەدا یارییەک لە شێوەی یاریی گوریسپچڕێنە لەگەڵ خوێنەردا دەکات، بە ڕادەیەک خوێنەر هەندێ جار بە زەحمەت لەنگەرەکەی بۆ ڕادەگیرێت. خۆ هەندێ جار خودی گوریسەکەیش ون دەبێت و خوێنەر هێندەی نامێنێت سەری لێ تێکبچێت و ڕووداوەکان تێکەڵی یەکتر بکات، بەڕادەیەک ئەگەر زۆر وریا نەبێت، ناتوانێت پانتایی خەیاڵی نووسەر بتەنێتەوە و شوێن پێی پەیوەندییە ئاڵۆزەکان بکەوێت و زەمەنە جیاجیا و تێکهەڵکێشەکان لە باریەک دەربهێنێت. دیارە ئەم حاڵەتە لای «کاروان» زۆر گرنگە، بۆیە هەوڵ دەدات لەم ڕێگایەوە تێکەڵی هەست و نەستی خوێنەر بێت و لەوێ کاری خۆی بکات. بە واتایەکی تر نووسەر پێی وایە دەبێت لە ڕێگای هەردوو لایەنی ئەم بایۆگرافەوە، واتە لە ڕێگەی ناوەرۆک و بینای دەقەکەدا، هەوڵی بە ئاکتیفکردنی خەیاڵی خوێنەر بدات. دیارە ئەم هەوڵەی نووسەریش لە جێگای خۆیەتی، ئەگەر ئەوە لە بەرچاو بگرین، کە خوێندنەوەی دەق، دووبارە نووسینەوەی دەقەکەیە لە لایەن خوێنەرەوە. بەهەر حاڵ نووسەر بە سوود وەرگرتن لە تەکنیکە جیاجیاکانی ڕۆمان و لە ڕێگای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزان و پاشان دەرودراوسێ و ئینجا گەڕەک و لەوێشەوە کاتێ بازنەی پەیوەندییەکان فراوانتر دەبێتەوە، شاریش دەگرێتەوە؛ دەچێتە ناو ناخی مرۆڤ و ئێش و ئازار و خەونەکانی دەخاتە ڕوو. بۆ ئەوەیش کارەکتەرەکان بە وردی بخاتە بەر دیدی خوێنەر، ئەوا ڕابردوویان دەخاتە ڕوو. لەم ڕووەوە هارمۆنییەکی تەواو لەنێوان ڕابردووی کارەکتەرەکە و هەڵسوکەوتەکەیدا هەیە، ناخی دەخوێنێتەوە، لەنگەری دیوی ناوەوە و دەرەوەی ڕادەگرێت. لە مەیشدا تەکنیکی خەون و خەیاڵ و شەپۆلی هۆش بەکار دەهێنێت. دیارە ئەم تەکنیکانەش ڕێک لەگەڵ ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزانەدا دەێنەوە، کە کارەکتەرەکان بە یەکتر دەبەستنەوە. پێم وایە کاتێ نووسەر لەم بایۆگرافەدا پەنا دەباتە بەر تەکنیکە جیاجیاکانی ڕۆمان، بێجگە لەوەی، کە تاموچێژێکی تازە بە ئەدەبی بایۆگراف دەدات، ئەوا هاوکات نەریت و ڕچە باوەکانی ئەم ڕەنگەی ئەدەبیش تێکدەشکێنێت. بێگومان لەنێوان ڕۆمان و بایۆگرافدا جیاوازییەکی زۆر هەیە، کەچی نووسەر لەم بایۆگرافەدا ماوەی نێوانیانی کەمتر کردۆتەوە. لە بایۆگرافدا شێوازی گێڕانەوە بە گشتی زاڵە بەسەر دیالۆگدا، کەچی لە ڕۆماندا زاڵبوونی شێوازی گێڕانەوە، بەڵگەی لاوازیی ڕۆمانەکەیە لە ڕووی تەکنیکەوە. ئەمە نەریتێکی گشتییە لە ڕۆماندا، بەڵام خۆ دەکرێت لە گێڕانەوەشدا نووسەر تەکنیک و هونەری داهێنانانەی خۆی تێدا بەکار بهێنێت. لەم بوارەدا «مارکیز» لە هەندێ لە ڕۆمانەکانیدا سەرکەوتنێکی چاکی بەدەست هێناوە. بەهەر حاڵ نووسەر لێرەدا زۆر پەنا دەباتە بەر دیالۆگ بەتایبەتی دیالۆگ لەگەڵ خۆدا، واتە مەنەلۆژی ناوەوە. هەندێ جار دیالۆگەکان لە پرۆسەی خەیاڵکردندا ڕوو دەدەن و خوێنەر دەبەنە سەردەمی بەر لە سەردەمی منداڵیی نووسەر. بە مەیش لە کەشوهەوای ڕۆمان نزیک دەبێتەوە. لە لایەکی تریش لە ڕۆماندا

کارەکتەرێکی سەرەکی هەیە لەگەڵ ڕووداوێک، کە نووسەر لە پێناوی بیرۆکەیەکدا تەوزیفی دەکات و دەبێت هەنگا و هەنگاو شوێن پێی کارەکتەرەکە بکەوێت، بۆ ئەوەی بیرۆکەی سەرەکیی ڕۆمانەکە هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکاندا گەشە پێ بدات تا دەگاتە لوتکە «climax»، پاشان گرێکوێرەکە دەکاتەوە. ئینجا هەرچی کارەکتەری لاوەکی و ڕووداوی کەمبایەخ هەن، خزمەتی بیرۆکە سەرەکییەکە دەکەن.. بەڵام لە بایۆگرافدا شتێکی ترە، ڕەنگە لەپاڵ کارەکتەرە سەرەکییەکەدا، کە زۆربەی جار نووسەرەکە خۆیەتی، چەندەها کارەکتەری تری تێدا بدۆزیتەوە، بەڵام هەموویان بە شێوەی سەربەخۆ کار دەکەن، ئەگەر پانتاییە کۆمەڵایەتییەکەی لێ دەرچێت، هەندێ جار چ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، چونکە بایۆگراف لە دەوری تاکە بیرۆکەیەکدا ناخولێتەوە و دەکرێت هەر یەک لە کارەکتەرەکان ببنە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانێک، هەر وەک دەشێت هەندێ ڕووداوی نێو بایۆگرافەکە ببنە بیرۆکەی چەندەها ڕۆمان. نووسەر ئەم ڕاستییەی باش لە بەرچاو گرتووە، بۆیە لەپاڵ کەشوهەوای ڕۆمانئامێزی نێو بایۆگرافەکەدا، تایبەتمەندێتیی بایۆگرافەکەشی پاراستووە. وەکو ئاماژەم پێکرد سەرەتا نووسەر وەکو پاڵەوانی ئەم بایۆگرافە، شوێنێکی زۆر داگیر دەکات و دوایی بەرە بەرە لە سەربردەی ژیانی خۆی دوور دەکەوێتەوە و خوێنەر دەباتە ناو دنیای «ئەستیلە مەستەڕە» و «نازیلە ئینگلیز» و «وەستا نوورەدین» و پاشانیش «بەگیسی ئیدریتە» و «ئەسکەندەر قولی» و «مەرجان موسڵاوی» و «جاوە» و «ئامین چەلەبی» و «سیستەر سوهام» و ئەوانی تر... بێجگە لە تایبەتمەنێتیی هەر یەک لەم کارەکتەرانە، هەر یەکەیان کاریگەرێتیی خۆی بەسەر خوێنەردا هەیە، بۆیە خوێنەر بۆ هەر یەک لەمانە کاردانەوەیەکی جیای هەیە، هەروەها لە ڕووی زەمەنیشەوە هەندێکیان زۆر لە یەکتر دوورن، بۆیە گرنگیی تەکنیک لەم حاڵەتەدا تەنها لە بەکارهێنانیدا نییە، بەڵکو لە چۆنییەتیی بەکارهێنانیشیەتی، چونکە هەر یەک لەم تەکنیکانە چوارچێوە و ڕێسای تایبەتیی خۆی هەیە و ڕەنگە زۆر لە خوێنەرانی هۆشیار شارەزاییان دەربارەی هەبێت، بەڵام ئاخۆ چۆن نووسەر خوێنەر دەباتە ناو بازنەی ئەو تەکنیکانەوە. بۆ نموونە نووسەر هەندێ جار خەسڵەتی کارەکتەرێک، یان وروژاندنی هەستێک لە لای کارەکتەرێک دەکاتە دەرگای چوونە ژوورەوەی دنیای کارەکتەرێکی تر و لەوێشەوە بۆ یەکێکی تر یان ڕووداوێکی تر. ئیتر بەم شێوەیە کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان دەکێشێت.

«نازیلە ئینگلیز» شوێنێکی زۆری لە پەیوەندییە چڕ و ئاڵۆزەکاندا داگیر کردووە، ئەویش لە ئاماژەکردن بەو ناتۆرانەی، کە دوای خەڵکی دەخات وەکو «عەززەدین لووراندی»، «جەمیل مەعاشەکەم بەشم ناکا»، «موحسین مەراقمە یەک جار سینەمای ببینم»، «ئەحمەد عەنتیکە ئەوەیە ئەمن ئاگام لە هیچ نییە» و زۆری تر. نووسەر «نازیلە ئینگلیز» بۆ چەندەها ساڵ بەر لە

منداڵیی خۆی دەگەڕێنێتەوە. بۆ نموونە لە ڕێگای ناتۆرەی «ئەحمەد عەنتیکە.....»ەوە بازێک بۆ سالآنی پەنجاکان دەدات و باسی «عەلۆی خەجە هیزە» دەکات، کە جەردەیەکی ناقۆلا بووە و «ئەحمەد عەنتیکە.....»ش وەکو دزێک کاری لەگەڵدا کردووە، ئەو کاتەی تەمەنی بیست ساڵ بووە و «سەلما»ی کچی «وەستا نوورەدین چەزماخچی»ی هێناوە. لێرەدا بازێکی دوورتر بۆ سەردەمێکی دوورتر دەدات و باسی سەربردەی ژیانی «سەلما» و باوکی دەگێڕێتەوە، لەوێشەوە لە ئەڵقەیەکی تری پەیوەندییەکاندا، خوێنەر زیاتر بە قووڵایی ڕابردوودا دەباتەوە و لە ڕێگای خەسڵەتێکی ڕەگاوێژی «وەستا نوورەدین»، کە دڵپیسییە، باسی کوژرانی «نافیعە»ی ژنی دەکات. نووسەر ڕاستەوخۆ هۆکاری کوشتنەکە دەرناخات، ئەگەرچی باسی زیندانکردن و ئازادکردنی «وەستا نوورەدین» دەکات، بەڵام تا ڕادەیەک گرێکوێرەکە بۆ خوێنەر بەجێدێڵێت... لە لایەک لەسەر زاری «نوورەدین»دا وا هاتووە: «ئەنگۆ ئەگەر خێرتان لۆ جیرانان هەیە، بڕۆن لە تازیەی ئەسعەدۆکی دانیشن.... وەلاهی لە بن دەستم دەرناچی. ل٩٠»... لێرەدا خوێنەر هەست دەکات «نافیعە» خیانەتی لێ کردووە. بەڵام لە لایەکی تریش نووسەر دەیەوێت خوێنەر بە ئاقارێکی تردا ببات بەوەی لە باسکردنی «نوورەدین»دا دەڵێت: «ئەم ڕابردوویەکی خراپی لە ژیانی خێزانییدا هەبوو و ئاوا بە ئاسانی نەیدەتوانی ببێتە خاوەنی ژنی سێیەم... تەنانەت وا بڵاو بووبووەوە، کە دایکی سەلماش بە مردنی خۆی نەمردووە و ئەم خنکاندوویەتی. ل». پاشان نووسەر زیاتر جەخت لەسەر دڵپیسییەکەی «وەستا نوورەدین» دەکات، کاتێ باسی «خەزاڵ»ی دایکی دێنێتە گۆڕێ. «خەزاڵ» کچی «مەجید» بووە و لە ئاخر و ئۆخری شەری یەکەمی جیهانیدا، لە کاتی گرانییە گەورەکەدا، هێشتا تەمەنی حەوت ساڵان بووە، لەبەر نەداری و دەستکورتی، باوکی بە «وەستا فەتاح چەخماخچی»ی باوکی «وەستا نوورەدین چەخماخچی»ی فرۆشتووە. ئەمیش هەر بە منداڵیی مارەی لە خۆی بڕیوە و بەخێوی کردووە. بەهۆی جیاوازیی تەمەنیان، «خەزاڵ» قسە و قسەڵۆکی هاتۆتە سەر، لەوانە گوایە دەستی لەگەڵ «هادی» ناوێکدا تێکەڵ کردووە. ئەمانە زۆر کاریان کردۆتە سەر کەسایەتیی «نوورەدین»: «سەرەتا لە خەزاڵی دایکی هەڵپێچا و ژیانی لێ کردە دۆزەخ. ل٩١». «نوورەدین» بەم ڕابردووە و بەم کەسایەتییەیەوە هەوڵ دەدات بۆ جاری سێیەم ژن بێنێت. لێرەدا چاو دەبڕێتە «ناهیدە»ی کچی «حەسەنی بێکار»، دوای ئەوەی بە هەلی دەزانێت، کە گوزەرانیان خراپە، دەچێت لای «بورهان کوورەچی» کاری بۆ دەدۆزێتەوە. «بورهان کوورەچی» شارەزای فێڵ و کەڵەکەکانی «وەستا نوورەدین»ە و داخوازیی «ناهیدە»ی بۆ دەکات. «ناهیدە» گوێی لە دایک و باوکی دەبێت، کاتێ بە چپە گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەن. لێرەدا نووسەر دەچێتە ناو ناخی «ناهیدە»ی چواردە ساڵان و هەست و ئارەزوو و خەونەکانی دەردەبڕێت: ئەو جارە «سەید عوسمان» لەگەڵ «زێبە» بردنی بۆ پیاسە و لە دواوە دانیشت.. لەو دیمەنانەی

سەر ڕێگا ڕادەما و ژیانی بە جۆرێکی دیکە دەبینی.. بەڵام لەمەودوا پێشەوە هی خۆیەتی.. تەنیشت مێردی.. ژیان لەو ماڵەی ئەودا شتێکی ترە.. چێشتی خۆش و بەلەزەت دەخوات.. جلی جوان دەپۆشێت..ل١٢٢»

بەڵام ئەو پرۆسەی خەیاڵکردنە لە هزری «ناهیدە»دا هەموو جارێ بە هەمان شێواز ڕوو نادات، بەڵکو هەر جارەی بە شێوەیەک دەردەکەوێت. ئەوەتا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەوەی دایکی ڕەزامەندیی لەسەر شووکردنەکەی پیشان نادات، لە شێوەیەکی چەند پرسیارێکدا دەردەخات: «ڕازیی نابێت..؟! بۆ ڕازیی نابێت..؟! من خۆم بەدڵمە و باوکیشم پێی خۆشە.. تەمەنی گەورەیە..؟! سیوپێنج ساڵە..؟! قەیناکا.. من حەز دەکەم مێردەکەم ئاوا بێت..ل١٢٤». ئیتر تا دێت پانتایی خەیاڵی «ناهیدە» فراوانتر دەکات و لەنێوان هەر سێ زەمەنی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا دەیگوازێتەوە. پێش ئەم خۆدواندنەی سەرەوە «ناهیدە» هەڵوێستی داهاتووی بەرامبەر «سەلما»ی کچی «وەستا نوورەدین» دەردەبڕێت: «زۆر چەنەبازە و دەست دەخاتە کاروباریانەوە.. چەند جار پێی وتووە لە وەخت و ناوەخت خۆی بە ژووری ئەماندا نەکات، بەڵام ئەو گوێی ناداتێ و لەسەر ئەو ڕەوشتە ناشیرینەی بەردەوامە.. با بەس ئەوە بکوتێتەوە بە چاویدا، کە ئەو کچی کێ بووە و لە چ ماڵێکەوە هاتووە، ئەگینا دەست دەنێتە ئەو قژە بۆگەنەی و هەمووی تاڵ تاڵ لە بێخەوە بۆ دەردەهێنێت..ل١٢٣». «ناهیدە» لە جیاوازییە چینایەتییەکە تێدەگات، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیە مێرد بە «نوورەدین» بکات، بەڵام ئایا نووسەر چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا دەکات؟

هەر دوای ئەمە «ناهیدە» دەگەڕێتەوە زەمەنی ئێستا: «ئەوە کەی ژیانە..!! لە ژوورێکی تەنگەبەری کرێ زیاترمان نییە.. دەرەوە نابینم و بە سکی برسی و بە جلی دڕاوەوە منداڵ بەخێو دەکەم.. چێشت لێدەنێم.. قاپوقاچاغ دەشۆم.. حەوشە گسک دەدەم.. هێشتا لێم تووڕە دەبی..ل١٢٣».

ئەم حاڵەتەی «ناهیدە» پاساو هێنانەوەیە بۆ ئەو پەیوەندییەی لەژێرەوە لەگەڵ «جەمالی سەید عوسمان»دا هەیەتی: «پێیم وت کورە ئاگات لێ بێت.. تاقەتی ئەوەم نییە.. دەبێ خۆم بکوژم.. دەبەسە، نەوەکا لەپڕ بێنەوە و بمانبینن.. لەسەر دیواری نێوانمان ئاودیو بوو.. کەچی ئەوان تا درەنگ نەگەڕانەوە.. چەند پەشیمان بوومەوە..ل١٢٣»

ئینجا جارێکی تر دێتەوە سەر باسی «سەلما»: «سبەینێ ئەو شوو دەکات و بە لایەکدا دەچێت.. ڕەنگە مانگی جارێکیش نەیەتەوە.. دڵیشی زۆر ڕەقە.. قەت وا نەزانی تۆیشی خۆشدەوێت..ل١٢٣». لەوێوە جارێکی تر دەچێتەوە لای قسەکانی «جەمال»: «پێم نەوتی ئەگەر دەرتان بکات، ماڵەکە بەجێدێڵم..؟! لە تۆ زیاتر کەسی دیکەم ناوێ.. ل١٢٤» دیسان دەگەڕێتەوە لای «سەلما»: «ئەو» ماڵەی لێ کردوومەتە دۆزەخ.. چاوی پێم هەڵنایەت.. تۆ ڕۆژ بە

ڕۆژ پارەکانت بدە من.. خۆم دەزانم چۆن هەڵیاندەگرم.. ل». جارێکی تر دەگەڕێتەوە لای «جەمال»: «ئێمە بۆ یەکدی نەدەبووین.. فاڵچییەکەیش وای وت.. یەخەم بەرنادەی..؟! ل١٢٤».

نووسەر سەرەتای هەموو گواستنەوەیەک بە دوو وشە دەست پێدەکات، کە خستوونیەتە نێوان دوو کەوانەوە وەکو «پێم نەوتی»، «ئیتر بەس»، «چەندت دەوێ» و هیتر.. ئەمەش بۆئەوەی خوێنەر لە گواستنەوەی نێوان زەمەنەکان ئاگادار بکاتەوە. لێرەدا نووسەر پەنا دەباتە بەر دیاردەی ئەڵقەبەدێتیی خەیاڵ «الاقتران» بە مەبەستی بەرجەستە کردنی فلاشباک و بەستنەوەی هەندێ ڕووداو و دیمەن و هەست و کارەکتەرەکان بە یەکترەوە، ئەمە سەرەڕای زەمەنە جیاجیاکان. پوختەی ئەم دیاردەیە ئەوەیە، کە مرۆڤ بە هۆی کەسێکەوە، هەستێکەوە، ڕووداوێکەوە، خەسڵەتێکەوە، کەسێکی تر، هەستێکی تر، ڕووداوێکی تر، خەسڵەتێکی تری بیر دەکەوێتەوە، بەمەرجێ خاڵێکی هاوبەش هەردووکیان کۆ بکاتەوە، ئینجا خاڵە هاوبەشەکە شوێن بێت، کات بێت، یان هەر شتێکی تر بێت. ئەم حاڵەتە لە لای «کاروان» هەر تەنها لە پرۆسەی بینیندا ڕوو نادات، بەڵکو هەندێ جار لە پانتایی خەیاڵیشدا دێتە ئاراوە، واتە لە پرۆسەی خەیاڵکردن یان لەناو خودی فەنتازیادا. ئەم حاڵەتە پێویست بە مامەڵەیەکی ورد دەکات لەگەڵ وشەدا، بەتایبەتی کاتێ نووسەر بۆ قووڵکردنەوەی بیرۆکەیەک پەنای دەباتە بەر. بەهەر حاڵ ئەم دیاردەیە لە لای «کاروان» لە چەندەها ئەڵقەی زنجیرئاسای بەیەک بەستراو پێکهاتووە. ئەوەتا لە ڕێگای چیرۆکی پیرەژنەکە و ئاوە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە، ملوانکەی لووسی ڕەنگاوڕەنگی لە سەدەف دروستکراوی «پوورە ش»ی دێتەوە بەرچاو، کە چەندەها دیمەنی تێدا بەرجەستە دەبێت و هەستە ئایرۆسییە شاراوەکانی ڕۆح دەوروژێنێت و پێ بە پێ تێکەڵی ڕووداوەکانی تری دەکات، تا لە پڕێکدا بە چیرۆکی دومەڵ لەسەر هاتووەکەی دەبەستێتەوە و لەوێشەوە دوای چەندەها پرسیار و لێکدانەوەی وابەستە بەم چیرۆکەوە دەرگا لەسەر دیمەنی ئەو مانگا ڕەشەی پشت ماڵی «ئامین ئۆرمزیار»ی نەنکی دەکاتەوە، کە «ڕۆژانە لەگەڵ دەیانی دیکە لەو دەشتە فراوانەی لە کۆمارییەوە دەستی پێدەکرد و نەرم نەرم بە قەراغی ڕووناکی و مەنتکاوەدا تێدەپەڕی.. ل١٤». ئیتر لەوێشەوە بۆ ماستکرین و پاشانیش ئەو کەڵەبابەی مارەکەی کوشت و جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی دایک. بەهەر حاڵ خاڵی هاوبەش لێرەدا ڕەنگە. ڕەنگ بە هەموو لێکەوتە و دەرهاویشتەکانیەوە، بە هەموو فۆرمە کەلتوورییەکانیەوە، بە هەموو لایەنە جوانی و خەوشەکانیەوە شوێنی دیاریکراوی لەم بایۆگرافەدا هەیە: «ئاوێکی زەرد دێت و چاوەڕێ بکە.. ئاوێکی سوور دێت و چاوەڕێ بکە.. ئاوێکی شین دێت و چاوەڕێ بکە.. ئاوێکی سپی دێت و چاوەڕێ بکە.. ئاوێکی ڕەش دێت و خۆتی پێ دادە.. ل١٢». دوای ئەمە یەکسەر دەڵێت: «نازانم بۆچی ئەوسا بیرم لە ملوانکەی پوورە «ش» دەکردەوە و دەهاتە بەرچاوم، کە لە کۆمەڵێ سەدەفی ڕەنگاوڕەنگ دروستکرا بوو و

لەسەر سنگە سپییەکەی دەدرەوشایەوە.... دڵنیا بووم تامی بارانی ناو خەونەکانمیان دەدا و گیانمیان پڕ دەکرد لە وردە لەززەت.. ل». ڕەنگ لەم دوو حاڵەتەی سەرەوەدا دوو بیرۆکەی جیاواز دەبەخشن: «من هەمیشە بەزەییم بە کچە ڕەشەکەدا دەهاتەوە.... نازانم خەڵک بۆچی هێندە ڕقیان لە ڕەنگی ڕەشە..؟! ئەدی بۆچی سپییان خۆشدەوێ..؟! ل١٢ــ ١٣». ئەم دەستەواژەیە لە لای نووسەر زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرێت. بەپێی تێڕوانینە تەقلیدییەکە ڕەنگی سپی هێمایە بۆ کۆتری ئاشتی، بەڵام بۆ نموونە سپیپێستەکان لە ڕوانگەی ڕەشپێستەکانی ئەفریقاوە سیمایەکی داگیرکەرانەیان هەیە. دیارە نووسەر لە ڕووی فیکرییەوە ئەو کەلتوورە ڕەتدەکاتەوە، کە جیاوازی لەنێوان ڕەنگەکاندا دروست دەکات، بۆیە بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێت: «نازانم خەڵک بۆچی هێندە ڕقیان لە ڕەنگی ڕەشە..؟!». پاشان نووسەر ڕەنگەکان بە ئاقارێکی تردا دەبات: «پێش هەموو شتێ ستوونی هەیوانیان سەرنجم ڕادەکێشێت.. وا دەزانم گلێنەکانم وەکو دوو زیکزیکە فڕیون و بەوێوە نووساون.. هێڵێکی ڕەش و یەکێکی سپی.. هێڵێکی ڕەش و یەکێکی سپی.. هێڵێکی ڕەش و یەکێکی سپی.. ل١٨». بەڵام لە باسکردنی قازیبازە ڕەنگاوڕەنگەکەدا، کە هێمای سروشتی ڕەنگاوڕەنگی تێدا بەرجەستە بووە، پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ڕەنگ بە ئاقارێکی تردا دەبات، کاتێ بەناو نەستی خۆیدا دەچێتەوە: «لە ماڵەوە دەیخەمە ناو شووشەیەکی سووری دەرمانەوە.. کاتێ لێ دەڕوانم، بە شێوەیەکی جیاواز دەکەوێتە بەرچاوم.. شەو بە خەیاڵییەوە دەنووم و دونیایەک خەونی پێوە دەبینم، بەڵام بەیانی ڕەق بۆتەوە و دەبێتە قوربانیی ڕەنگەکانی.. ل٢٠ــ ٢١».. کەچی هەر دوای ئەمە ڕەنگەکان هەستێکی تر دەوروژێنن: «ئەرێ ئامۆژنە دڵەکەم بۆچی من ناتوانم مێوژ لە پشقل جیا بکەمەوە..؟! هەر لەبەر ئەوەیە هەردووکیان ڕەشن.. ئای ڕەنگەکان چەندێ سەیرن و من هیچیان لێ تێناگەم..!! کامیان لە کامیان باشترە..؟! وا چۆتە ئەقڵمەوە شتە سپییەکان مێن و ڕەشەکانیش نێرن.. کاتێ بەیەکەوە دەیانبینم تەزوو بە سەرتاپای گیانمدا دێت.. ل٢١».

شایانی باسە نووسەر ئەم دیاردە سایکۆلۆژییەی ئیقتران لە نەستی منداڵێکدا بەکار دەهێنێت، بەبێ ئەوەی پێشتر هیچ پلانێکی بۆ دانابێت. لێرەدا خوێنەر هەست دەکات بەیەکبەستەوەکان لەخۆڕا دێنە ئاراوە و ئەمە حاڵەتی دەروونیی ناو نەستی منداڵێکە، بۆیە کاتێ حاڵەتێک بە حاڵەتێکی ترەوە دەبەستێتەوە، بە وشەی «نازانم» دەست پێدەکات.. ئەوەتا کاتێ ئەو کچەی دراوسێیان، کە تازە لە حەمام هاتۆتە دەرێ و مەچەکی بۆ دەکوتێت، ئەو لە دڵی خۆیدا دەڵێت: «نەشمەدەزانی بۆچی ئەوسا تارمایی ئەو ژنانەم دەهاتە بەرچاو، کە بە عەبا و پەچەوە لە بەردەمی دووکانی ماستفرۆشەکاندا کۆ دەبوونەوە.. ل١٥».. پێشتریش نووسەر هەر دوای بیستنی چیرۆکی پیرەژن و سێ کچەکەدا وتوویەتی: «نازانم بۆچی ئەوسا بیرم لە

ملوانکەی پوورە «ش» دەکــــردەوە.. ل٢١ــ ١٣».. لە لایەکی تر نووســــەر هەر جـــارەی لە دەروازەیەکەوە دەچێتە ناو تەکنیکی ڕامان و خەیاڵکردن و فەنتازیاوە، تەنانەت ئەگەر هەمان تەکنیک بۆ جاری دووەمیش بەکاربێنێت، ئەوا هەر لە دەروازەیەکی ترەوە بۆی دەچێت. ئەمە خـەسڵـەتێکی بەرچاوە لە هەمـوو بەرهەمـەکـانی «کـاروان»دا. ئەم وەکـو چۆن لە سـەردەمی منداڵیدا هاروهاج بووە، لە نـووسینیشدا هەر وایە، پەل بـۆ هەموو لایەک دەهاوێت. بۆ نموونە هەندێ جـار دەستـەواژەی وەکو «ئەگەر چاوت خـێل کردبا» و «ئەگەر چاوەکـانم بنووقـێنم و گوێیان لێ بگرم» دەکاتە دەروازەی چوونە ناو خەیاڵەوە. دیارە ئەم شێوازە بـۆ گواستنەوەیە لە دنیای واقیعەوە بۆ دنیای خەیاڵ، بە مەبەستی گۆڕینی سیمای کارەکتەر و ڕووداو و زمان.

خوێنەر لەم بایۆگرافەدا زۆر لەو دابونەریتە باوانە دەدۆزێتەوە، کە نەک هەر لە سـەردەمی نووســەر، بگرە پێش ســەردەمی منداڵیی ئەویش لـەناو کـۆمـەڵگای کـوردیدا باو بـوون. بۆ ئەم مەبەستە هەندێ جار پەنا دەباتە بەر گێڕانەوە لەسـەر زاری کارەکتـەرێک و هەندێ جاریش لە دیمەنێکی درامییـانەی زۆر جواندا دەریاندەبڕێت. بۆ نموونە لە باسکردنـی «نازیلە ئینگلیز»دا دەچێـتـە سـەر باسـی «ئەلیـاس»ی خـاڵی، کـە جـاران بـە دەفلێـدان ورچی هەڵپـەڕاندووە و لە قـەرەباڵغی و زەمـاوەندەکـاندا بە پارە پـیـشـانی خـەڵکی داوە. پاشــان ســەگی تێـبـەرداوە و ورچەکەش نەیتـوانیـوە بەرگری لە خۆی بکات، چـونکە ددانەکانی دەرهێناوە. ئەم نەریتـە لەناو کـورددا زۆر کـۆن نـیـیـە، بەڵام دەشـێ نووســەر لە «ئـەلف و بێی کـوردی»ی «ئـیـبـراهیـم ئەمین باڵدار»ی وەرگرتبێت. شایانی باسە ئەم نەریتە لەناو ئینگلیزەکانی سەردەمی «شەکسپیر»دا باو بووە و «شەکسپیر» لە شانۆنامەی «ماکبەث» و «یۆلیۆس قەیسەر»دا باسی لێوە دەکات.

یەکـێک لەو لایەنانـەی نووســەر لـەم بایـۆگـرافــەدا بایەخـێکی زۆری پێـداوە، بـارودۆخی سـیـاسیی حـەفتـاکـانە، بەتایبـەتی سـەردەمی ڕێککەوتننامـەی یانزدەی ئازار. ڕووداوەکان و هەڵسـوکەتی ڕژێمی بەغدا ئەوەیان سـەلماند، کـە ئەو ڕێککەوتننـامـەیە مـانۆڕێکی سیـاسی و عەسکەری بوو و مـەبەستێکی خراپ لە پشتیەوە هەڵدەسووڕا. لەو بارەیەوە نووسـەر ئاماژە بۆ کارە تیرۆریستییـەکانی ئـەوسای ڕژێمی بەغدا دەکات، کە لە کوردستـاندا ئەنجامی دەدان، بەتایبەتی لە هەولێر، لـەوانەش تەقینەوەکەی ناو گازینۆی باکوور، کـە بووە هۆی شەهیدبوون و بریندارببوونی کـۆمـەڵێ گـەنجی کـورد، یـەکێ لەوانە «شـەهیـد ئەسـعـەد»ی قـوتابیی پـەیمانگای مـەڵبـەندی مامـۆسـتـایان بوو. لەپاڵ ئەمانەشدا نووسـەر پەنجـە دەخاتە سـەر خـاڵە لاوازەکـانی ئەوسـای بزووتنـەوەی کوردایەتی و ململانێی ڕەنگەکان، کە بەهـۆی قـەبوولنـەکردنی بیروڕای جیـاوازەوە دەهـاتە کـایەوە، هەر بۆیە کـەسـانی وەکـو «ک، م»ی ئامـۆزای «ئەسـتیلە مـەسـتـەرە» دەگمـەن بوون، کـە «هیچ لە لێپرسـراو نەدەچوو.. دەمـانچـەی بە قـەدیەوە نـەدەبینرا.. پۆزی لێ نەدەدا.. سـامـانی کـەڵەکـە نەدەکرد.. کتێب و ڕۆژنامـەی دەخـوێندەوە.. لـە ژنـێ زیاتری نـەبوو..

ل٥٢». ڕا و بۆچوونەکانی ئافرەتێکی ئاقڵمەندی وەکو «بەگیسی ئیدریتە»، نەک هەر ئەو کات لە خورافە دەچوون، بەڵکو نووسەر پێی وایە تاکو ئێستاش لە نێو ئەقڵی سیاسیی کورددا بەرجەستە نەبوون، بۆیە ئەو بووچوونانە هەر لەو هەقایەتە خورافییانە دەچن، کە لە سەردەمی منداڵیی بیستوونی. «بەگیسی ئیدریتە» دەیگوت: «شتە نارێکەکان، بەپێچەانەی شتە رێکەکان، هەرگیز ناتوانن یەکتر بگرن.. ل١٦٣». پێی وابووە «خوو و ڕەوشتەکان شتێکی جێگیر نین و دەشێ بگۆڕێن.. ل١٦٣». «حەزی لە ژیانی پڕ جیاوازی دەکرد لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستیی هەمەلایەنە.. ل١٦٤». نووسەر تا ئێستاش کاریگەرێتیی بۆچوونەکانی «بەگیسی ئیدریتە»ی بەسەرەوە دیارە، بۆیە لە هەموو ئەو ڕەفتارانەی پەشیمانە، کە بە هۆی جیاوازیی بیروباوەڕەوە بەرامبەر بە کەسانی تر کردوونی و قسەکانیشی ڕێک ئاڕاستەی «بەگیسی ئیدریتە» دەکات: «ئەی ژنە میهرەبانەکەی تا ئەم ساتەیش لە خورافە دەچیت و لە ئاستدا تەواو حەیران و سەرسامم.. هانێ دەستەکانی خۆمت بدەمێ و برۆ بیانخەرە ناو دەستی هەموو ئەوانەی، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەبەر جیاوازیی بیروڕا، یان هەر شتێکی تر قەبووڵم نەکردوون.. بیانخەرە ناو دەستی ئەوانەیش، کە ئازاریان داوم و پەشیمان بوونەتەوە.... داوای لێبوردن لە گەورە و بچووکیان دەکەم.. ل١٦٤». هەر لەبەر ئەو ئاسوودەییە ڕۆحییەی، کە نووسەر ئێستا هەست دەکات کەسانی وکو «بەگیسی ئیدریتە» و «ئەسکەندەر قولی» لە سەردەمی منداڵیی بەهۆی بیروبۆچوون و کەسایەتییەکانیانەوە پێیان بەخشیوە، ناتوانێت لە سەردەمی منداڵیی دابڕێت: «بە خەیاڵە تێکشاکاوەکانی منداڵییم دەژیم و ئەوان هەڵمەدەسوڕێنن.. گەورە نابم.. نەبەخوا گەورە نابم.. ئەو سەرسامییە ناهێڵێت گەشە بکەم.. ل٢٢٦». دیارە ئەو سەرسامییەی نووسەر هێندە گەورەیە، بەڕادەیەک سەردەمی ئێستایشی ناتوانێت قەرەبووی بداتەوە و لە توانای بەدەرە دنیای تەلیسماویی منداڵیی پێ بگەڕێنێتەوە، بۆیە «قاچەکانی لە لیتەی سالانی سەرەتای حەفتادا ڕۆچوون و جووڵەی بۆ ناکرێت.. ل٢٢٦».

«ئەسکەندەر قولی» یاریزانێکی تۆپی پێی حەفتاکان بوو، کە «جاران لەو مەلعەبەی هەولێر ڕاکردنی هەموو دنیا بەرگەی چەند چرکەیەکی ئەو قاچانەیان نەدەگرت، کەچی ئێستا لەو گازینۆیەی ئیسکان بە تەممەڵی ڕایاندەکێشێت.. ل٢٢٥». ساڵی حەفتا و چوار «ئەسکەندەر قولی» دەچێتە شاخ و لە شەوێکی ساڵی نەوەددا نووسەر بە ڕێککەوت چاوی پێدەکەوێت، بەڵام «خاوەنی جەستەیەکی داهێزراوە»، فەرامۆش کراوە، نووسەر تۆمەتی فەرامۆشکردن و پەراوێزەکردنی «ئەسکەندەر قولی» دەخاتە ئەستۆی دەستەڵاتی سیاسیی و کۆمەڵگای کوردەواری، هەر بۆیەش لێرەدا زیرەکانە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆ قسەکانی ئاڕاستەی ئەو یاریزانە تێکشکاوە دەکات و پێی وایە لە فەرهەنگی ئەواندا پاڵەوان تەنها شمشێربەدەستەکانن، خەنجەروەشێنەکانن، نەک پاڵەوانی وەرزشیی وەکو «قولی»: «چاوەڕێی

هیچمان لێ نەکەیت قولی گیان، تکایە چاوەڕێی هیچمان لێ نەکەیت.. تۆمان بیرچووەوە و ناتوانین ناوەکەت لە یانەیەکی وەرزش، تیپێکی تۆپی پێی گەڕک. گۆڕەپانێکی بچکۆلەش بنێین.. ل٢٢٥». دیارە نووسەر خوێندنەوەیەکی وردی هەیە بۆ واقیعی ئەوسا و دیاردە دزێوەکانی ئێستاش، کە پەراوێزکردنی کەسایەتیی «ئەسکەندەر قولی»ی لە ئەستۆدایە، کە تەنانەت لەناو دنیای ئەدەبیشدا شوێنێکیان پێ ڕەوا نەبینیوە. هەروەها فەرامۆشکردنی بۆچوون و وتە بەنرخەکانی «بەگیسی ئیدریتە»، کە ڕوویەکی ئەم دیاردە دزێوانەن و درێژکراوەی واقیعی ئەوسان: «ئاخر نەبۆتە باو لە ئەدەبدا باس لە پاڵەوانێکی وەرزشی بکرێت قولی گیان نەبۆتە باو و بەڕاستییش جوان نییە.. بۆچی لەجیاتی فودبۆڵ، چەقۆیەک، خەنجەربۆکسێک، خەنجەرێکی دەبان، شمشێرێ، تەورێ، دەمانچەیەک، تفەنگێکت هەڵنەدەگر و خەڵکت پێ نەدەکوشت.. بۆچی لە یەکێ لە زیندانەکاندا خەریکی جەللادی نەدەبوویت..؟! ل٢٢٥ـ ٢٢٦». دیارە ئەوانەی مێژوو شانازییان پێوە دەکات و لەناو هزر و بیری کۆمەڵگادا بەزیندوویی دەمێننەوە، ئەو کەسانەن، کە مەرجەکانی سەرەوەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت، نەک کەسایەتییەکی وەکو «ئەسکەندەر قولی». لە ڕاستیدا بە درێژایی ئەم بایۆگرافەدا هیچ کەسێ هێندەی «ئەسکەندەر قولی» و هونەر و بەهرە و خەونە جوانەکانی کاری نەکردۆتە سەر نووسەر، ئەو «ئەسکەندەر قولی»یەی، کە «بەردەوام لەودیوی بێئاگایی نەوە یەک لەدوای یەکەکاندا مەشقی دەکرد و پەرەی بە تواناکانی خۆی دەدا.. ل». دەتوانم بڵێم پوختەی بیرۆکە سەرەکییەکەی ئەم بایۆگرافە لە «ئەسکەندەر قولی»دا بەرجەستەیە. تێکشکانی بەهرە جوانەکانی «ئەسکەندەر قولی»، تێکشکانی خەونی نەوە یەک لەدوای یەکەکانە. ئەمە دیوەکەی تری هەرەسە، کە کورد نەیبینیوە، بەڵکو تەنها دیوەکەی تری دیوە، کە هەرەسی شۆڕشی چەکدارییە و ئەمیش پاشان سەری هەڵدایەوە، کەچی دیوەکەی تری هەرەس هەر بەردەوامە، بۆیە نووسەر لە کاتی نووسینی ئەم بایۆگرافەدا لە بەردەم سیمای تێکشکاوی «ئەسکەندەر قولی»دا تووشی هەڵچوونێکی دەروونی ئاوا دێت، کە هەر ئەوە نییە خۆیشی لە ناخەوە هەرەس بێنێت: «لە خۆم و لە ڕابردووم و لە ئێستام تووڕەم.. هەڵەشەم.. شپرزەم.. پەشۆکاوم.. شێتم.. ئا، بەخوا شێتم.. کەمێکی تر هێمن دەبمەوە، وەک نە بام دیبێت و نە باران، نوکتە دەگێڕمەوە و قاقا لێدەدەم.. ل٢٢٦».

دنیای باڵندە و ئاژەڵ لەم بایۆگرافەدا شوێنێکی بەرچاوی هەیە، بەڵام کەی و چۆن و بۆ نووسەر دەرگای ئەم دنیایە دەخاتە سەر پشت و لەناو ئەو تێکستەدا تەوزیفی دەکات؟

یاریکردن بە باڵندە و بەخێوکردنی گیاندار لەو سەردەمەی، کە نووسەر باسی لێوە دەکات، نەریتێکی باو بووە لە گەڕەکە میللییەکاندا وەکو گەڕەکی سەیداوە. نووسەر هەر لە سەرەتای ئەم بایۆگرافەدا باسی یاریکردن بە تەیارۆکە دەکات لە گۆماوەکانی سەیداوە و پاشان دێتە

سـەر باسـی قـەل و مـریشک و مـراوی و پشـیلە... هتـد، بەڵام ئەم تەوزیفکردنە شـتێکی ترە. دیارە نووسـەر هەر لـە منداڵییـەوە ئەو دەسـتـەڵاتە ڕەتدەکـاتەوە، کـە دەبێـتـە ڕێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی حەز و ئارەزووەکانی، ئینجا ئەو دەستەڵاتە هی باوک بێت، یان هی مامۆستا، یاخود هی کۆمەڵگا: «منداڵانی گەڕەک بەخیلییان بە ئێمە دەبرد، کە باوکێکی ئاوامان هەیە و ناهێڵێت لە هیچمان کەم بێت.. ئەگەرچی من ئامادە بووم هەمووی بە دەقەیەک سـەربەستیی برسیترینیان بگۆڕمەوە.. ل١٩٢»

دیارە ڕووداوەکـەی «مـەلعـەبی ئیـسکان» ڕوویەکی تری پیـادەکـردنی دەسـتـەڵاتی باوکسالارانەی باوکە بەسەر نووسـەردا: «جارێکیان لەو ستادیۆمە دانیشتبووم و بە حەزەوە سەیری یارییەکەم دەکرد، لەپڕ دەستێکی ڕاست توند مەچەکی دەستی چەپی گرتم.. ڕاچڵەکیم و سەرم هەڵبڕی.. باوکمم بینی و بە ڕقەوە لێم ڕادەما.. ئۆتۆماتیکی هەستام و بە ترسەوە لەگەڵی ڕۆیشتم.. چاوەڕێ بووم بە دەستە قورسەکانی تێمبکەوێت.. ل١٨٠».

دیارە کاریگەرێتیی ئازارە دەروونییەکە بەسـەر نووسـەردا زۆر گەورەترە لە کاریگەرێتیی ئازاری جەستەیی، کە باوکی ڕاهاتبوو بە شەپازللە و پێلەقە پێی دەگەیاند، هەر بۆیە نووسەر دەڵێت: «من هەمیشە شەرمم بەوە بوو، کە هاوڕێکانم بزانن باوکم لێم دەدا.. هەرگیز بە لای باسی ئەو شتانەدا نەدەچووم، بگرە لە قوتابخانە بە شێوەیەک ماڵی خۆمانم وەسف دەکرد وەکوو ئەوەی حەزم لێی بوو، نەک وەکوو ئەوەی دەبینرا.... بەخێوکردنی باڵندە لە واقیعدا قەدەغە بوو، کە من حەزی دنیام لێ دەکرد، بەڵام لەو ماڵە یۆتۆپیایەی خۆمدا هەموو جۆرە باڵندەیەک هەبوو و ئەوان بەئاوات بوون وەکوو من بژیانایە، یان یەک جار بیانبینیایە.. هەندێ جۆری باڵندەم خەڵق کردبوو، کە بەراستی سەیر بوون و زەحمەت بوو لە سرووشتدا هی ئاوا هەبووبێت، کەچی زۆربەی هاوڕێکانمم بەتەما کردبوو بێچووەکانیان بۆ بێنم و بۆ خۆیان بەخێویان بکەن.. ل١٨٢». ئەم حاڵەتە دەروونییە موعاناتێکە نەوە لە دوای نەوە پێیەوە دەناڵێنن. ڕێک لێرەدا نووسەر دەچێتە ناو جیهانی باڵندەوە و پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ قەل و مریشک و مراوی و هی تر لەسەر بنەمای خۆشەویستی دادەمەزرێنێت: «هەندێ مراوییشمان هەبوو و ڕۆژانە لەگەڵ سەدان مراویی دیکە لەو گۆمەی پشت ماڵمان مەلەیان دەکرد.. لە خۆشییان بەیانییان زوو هەڵدەستام و دەمبردنە کۆڵان.. فێری لاساییکردنەوەی دەنگیان بووبووم و خەڵکی گەڕەکم پێ سەرسام دەکردن.. ل١٨٣». نووسەر دەیەوێت پەیوەندیی نێوان خۆی و باوکی وەکو ئەوەی خۆی حەزی لێیە، نەک وەکو ئەوەی کە هەیە لە ڕێگای ئەو پەیوەندییە خۆشەویستیەی نێوان خۆی و باڵندەکان بۆ خوێنەر بخاتە ڕوو.

دیمەنێکی تری تەوزیفکردنی دنیای باڵندە، شەڕی نێوان مریشک و کەڵەشێرەکەیە، کە زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرێت. کەڵەشێر وەکو هێمای دەستەڵات و زەبروزەنگی تاک، هەرگیز بە

خەیاڵیدا نەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان مریشکێک، یان کەڵەشێرێکی تر لە بەردەمیدا قوت بێتەوە و بەرەنگاری ببێتەوە، یان نەچۆتە ئەقڵیەوە ئاوا دەستەڵاتەکەی هەرەس بێنێت. ئەمە خوێندنەوەی پوختەی عەقڵیەتی باوکە لە ماڵ، هی مامۆستا لە قوتابخانە و هی کۆمەڵگاشە بە گشتی و لە دەستەڵاتی سیاسیشدا ڕەنگ دەداتەوە.. بەڵام نووسەر هەرەسهێنانی ئەو دەستەڵاتەی لە شەڕی نێوان کەڵەشێر و مریشکەکەدا بەرجەستە کردووە. کەڵەشێرەکە چاوەڕێیە مریشکەکە یان لەبەری ڕاکات و یان بۆ هەڵنیشێت، کەچی لەپڕێکا بۆی بڵند دەبێت و بە چڕنووک تێیهەڵدەدات. ئەمە ئایندەبینیی نووسەرە بۆ دەستەڵاتی زەبروزەنگ. لە لایەکی تر دیارە مریشک هێمایە بۆ ڕەگەزی مێ و کەڵەشێریش وەکو ڕەگەزی نێر دەیەوێت شێوەی پەیوەندییەکە لەگەڵ ڕەگەزی مێدا لە ڕوانگەی نێرسالارییەوە دابڕێژێت، کە نووسەر ڕەتی کردۆتەوە.

لە کۆتاییدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم، لەناو لاپەڕەکانی ئەم بایۆگرافەدا بێجگە لەوانەی باسم کردوون، دەیەها نموونەی تر هەن، کە نووسەر تەکنیکە جیاجیاکانی ڕۆمانی تێدا بەکارهێناون. ئەمە سەرەڕای دەیەها ڕووداوی حەفتاکان و زۆر لایەنی تری کەلتوور و نەریتە بەرچاوەکانی گەڕەکی سەیداوە، کە پێویستییان بە خوێندنەوەی ورد هەیە. ناوی دەیان مرۆڤی تر لەو تێکستەدا هاتوون، کە ئەوانە هەموو ئەو مەرجانەیان تێدا بەرجەستەیە تا وەکو کارەکتەری ڕۆمان ژیانیان بەبەردا بکرێتەوە، لەوانە: «سەعدی گچکە»، «جەمیل ڕەنجبەر»، «عەبدولخالیق مەعروف»، «یوسف دەرگەلەیی» و زۆری تر....

* کاروان عومەر کاکەسوور، منداڵییم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد، بەشی یەکەم ــ سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ژمارە ٢١٢، کوردستان ٢٠٠٣

سوید
ئەیلوولی ٢٠٠٣